# یەکگرتنی کورد

## ئەحمەد دەشتی



ئەمڕۆ دیارە وا شادیە
پەردەی ڕەشی سالهای کوردم
هەلبڕاوەو خۆرم هەڵات
وا لە ئاسۆی کوردستانم
لە سەر دۆندو ترۆپکانم
ئارامیەکان دەبیندرێن و
خەندەی لێوان چەند شیرینن
لەولوتکانە وەدی دەکرێ و
ئیتر نەما جارێکی تر
تارمییەکان  وەدەرکەون و
لەئاسمانی کوردەواری خۆ بنوێنن
ئەمرۆ دیارە لەو بەرزانە
لەو ترۆپک و لەو سەرانە
ئەهریمەنی شەڕ نەماوە
خۆشەویستی کوردستانم لە گشت لاوە
بەهەستی پاک بۆ هەمیشە دابین کراوە
سەیری سیمای وەڵاتەکەی
ئازاران و خەمی دوێنێی گەلێ کوردم
ئەوا ئەمڕۆ بە یەکبوونمان ڕاو دەکرێن و
وا گۆوەند و شایی و لۆغان
کوردستانی خۆشەویستی گرتۆتەوە
وا بڕیاری پەرلەمانی کوردستانمان
بە تیکڕایی دەنگی بەرزی کوردپەروەران
بۆ سەرۆکی ئازیزیمان
ڕۆلەی گوردی بارزانیمان
گڕۆی شادی یەکگرتنیان بردۆتەوە
ئەوا ئەمرۆ چادری خەم
سنگ و ڕستەی هەڵکەندراوە و
وا پڕ بە دەم هاواردەکەن
خۆشەویستی و یەکبونی کورد
لە ناو دڵی هەموو کوردی ڕوێندراوە
زشتیەکان ڕاو دەکرێن و
دەستی ناحەز بۆ هەمیشە دەبڕێتەوە
جارێکی تر دەمەقارەی ئەملاو ئەولا
دژ بە خۆیی بۆ کوردستان بانێتەوە

**هۆ دڵسۆزان ئەی کوردستان**
**وا هاواری یەکبوونی کورد**
**بزەی لێوی سەرانی کورد**
**مۆژدە دەدەن بە مردنی دوژمنی کورد**
**وەرن هەڵی ئەمڕۆکەمان گشت پیرۆزکەین**
**بە دڵسۆزی و هەستی پاکمان**
**هەلس و کەوتی ڕۆژگارمان ب کوردستان**
**بە یەکگرتن وەسەر بخەین**
**بریناني ساڵهای  ساڵمان با هەتوان کەین**
**وەرن دەستی پیسی و فەساد**
**بۆ هەتایە ببڕیننەوە**
**خۆشەویستی کوردستانمان**
**لە گشت شتێ پێرۆزترکەین**
**با ئاوازی شادی و گۆوەند**
**بەرەو بەرزی ئاسمان بڕوا**
**چیتر ژیانی کوردەواری**
**وەکو جاران با بە فێڕۆ و شکەست نەڕوا**
**بەسیە چیتر هەولی خۆیی و**
**دڵسۆزانی کوردستانمان فێڕۆ نەدەین**
**دوژمنانمان هەروا دڕن لە سەنگەرن**
**ئەمرۆش دیسان بۆیان بلوێ**
**وەکو جاران دێنە گژمان ئەنفال دەکەن**
**تەعریب دەکەن خاکی کوردم**
**ئەمڕۆ کەوا هاواری کورد**
**دەنگی بەرزی یەکگرتنەبۆ نیشتمان**
**چاک بزانن کە ئەم دەنگە**
**مەرگی ڕەشی گشت دوژمنە**
**هەرکێ کەوا هۆکار بێتن بۆ خۆکوژی**
**یا پێکەوە ڕویان ڕەشکەین**
**کێ دەست درێژکا بۆ خوێن مژی**
**تف لە چارەو کەسیان بکەین**
**بڵێین بژی سەربەخۆیی کوردستانی**
**لە گشت شتێ پیرۆزترمان**
**بژی یەکبوون بژی یەک بوون**
**بژی خەندەی سەرلێوانی**
**گەلی کوردی ساڵها زەبوون**

**بەیادی ڕۆژی  14.6.2005کە بڕیاردرا بۆ سەرۆکایەتی هێژا مەسعود بارزانی و گیانی یەکگەرتن کەڕۆژێکی پڕ لە شادی و خەندەی سەرلیوان بوو .**